KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

# بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە: ٤٢٥
ڕێکەوت: ٥ / ٩ / ٢٠٢٣ زایینی
/ / ٢٧٢٣ کوردی

**بۆ/ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا**

**بابەت/ گشتاندن**

سڵاوی زانست...

داواکارین بە گشتاندنی نوسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ کە لەمەودوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ - ٢٠٢٤) لە کاتی پێکهێنانی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێجەکان کار بەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١. پێویستە لێپرسراوانی دڵنیایی جۆری بە شێوەی هەمیشەیی بن و لە سێ ساڵ کەمتر نەبن.

٢. لەکاتی دانانی ڕێکخەری بەش و قۆناغەکان پێویستە لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆلێج ڕەزامەند بێت لەسەر ئەندامەکان.

٣. جەختدەکەینەوە کە پێویستە لەکاتی گۆڕینی لێپرسراوی دڵنیایی جۆری، ئەو لێپرسراوەی پێشوو هەموو ڕێنمایی و ووردەکاری کارەکان بۆ لێپرسراوی نوێ ڕوونبکاتەوە و ئامادە بێت بۆ هەموو ڕوونکردنەوەیەك لەکاتی پێویست دا.

٤. لە سەرەتای ساڵدا لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆبونەوەی تایبەت بە کار و پرۆسەکانی دڵنیایی جۆری بە ڕێکخەری بەش و قۆناغەکان بکات بۆ خستنە ڕووی هەموو ئەرکەکانیان.

٥. لە سەرەتای ساڵدا هەموو ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری بۆ مامۆستایان ڕوونبکرێتەوە و ئەرك و مافەکانیان دیاری بکرێت.

٦. پێویستە پرۆسەی فیدباك بۆ خوێندکاران لە سەرەتای ساڵەوە باس بکرێت بە تایبەتی بۆ قۆناغی یەکەم.

٧. پێویستە لە دوای ڕەزامەندی دڵنیایی جۆری کۆلێجەکە، زیادکردن و لابردنی وانە و کردنەوەی بەش بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلێج.

٨. بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دڵنیایی جۆری کۆلێج پێویستە شوێنی تایبەت و سەربەخۆ بۆ ستافی دڵنیایی جۆری دابین بکرێت لەناو کۆلێج دا.

٩. داواکارین لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆلێج دوو نوسراوی بۆ بکرێت یەکەمیان وەك لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆلێجەکە وە نوسراوی دووەم وەك سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێج.

لەگەڵ ڕێزدا...

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

**وێنەیەك بۆ:**

- دۆسیەی دەرکردە.

Iraq – Kurdistan Region – Sulaimani – Sulaimani Nwe - University of Sulaimani – Street 27 – Zone 209
Directorate of Teaching Quality Assurance
Tel: + 07480604986
Email: tqa.office@univsul.edu.iq